# پێڕەوی ناوخۆی
# پەرلـەمانی کوردستان – عێراق
# و هەموارکردنەکانی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی

**عەونـــی بـــەزاز**

جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی

لە پەرلەمانی کوردستان

6/گوڵان/2713 کوردی    2013/5/27زایینی

# دەستپێك

دەبێ ئاماژە بە هەموو ئەو یاسا و پێرەو و ڕێنماییانە بکەین کە لە دەسەلاتی ناوەندیەوە دەچوون, کە ئەوانە بوون لە هەرێمی کوردستان–عیراق پیادە دەکران و تاوەکو ئێستاش بەشی زۆریان بەرکارن. بەڵام لەدوای کشانەوەی ئیدارەی دەزگاکانی حکومەتی ناوەندیی لە هەرێمدا ، و وازهێنانی لە ئیدارەی هەرێم لە 1991/10/23, بۆشاییەکی ئیداری و یاسایی گەورە و کەلێنیك لە یاسادانان و لە دەسەڵاتدا هاتە گۆڕێ کە هەرێم مافی خۆی بوو یاسا و بڕیار دەربکات, تا رۆژی 1992/5/19 کە ئەوەبوو لەو رۆژەدا هەڵبژاردنی گشتی لە هەرێمدا ئەنجامدرا و پەرلەمانی کوردستان–عیراق هەڵبژێردرا. بە هەڵبژاردنیشی یەکەم دانیشتنی خۆی لە 1992/6/4 دا سازدا و ژمارەیەکی زۆر لە یاسا و بڕیار و پێڕەو و رێنمایی دەرکرد, لەوانە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی1992 ، یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ,و پێڕەوی پەرلەمانی کوردستان ، ژمارە (1)ی ساڵی 1992 کە لە رۆژی 1992/6/17 دا بە پێی بڕگەی (8)ی ماددەی (56)ی یاسای ناوبراو دەرچوو، و ئەمەش یەکەمین پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بوو بەمەبەستی رێکخستنی بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتیەکەی و هەڵبژاردنی دەستە و دیاریکردنی دەسەڵات و ئەرکی سەرۆك و جێگرەکەی و سکرتێر و دەسەڵات و ئەرکی هاوبەش و دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامیەتی لە پەرلەماندا و دروستی ئەندامیەتی و ئەرکی ئەندام و مافەکانی و پارێزبەندی(حەسانە) پاداشت و کۆتایی هاتنی ئەندامیەتی و نەمانی , لەگەڵ لێژنەکانی پەرلەمان و لیژنە کاتیەکان و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی رۆیشتنی کار لە پەرلەماندا و خشتەی کارەکانی و چۆنیەتی رێکخستنیان و پێڕەوی وتوویژ و بەرزەفتکاری و پرسیار و پرسیارلێکردن و لێپرسینەوەو متمانەدان بە حکومەت و لێوەرگرتنەوەی متمانە و دەرچواندنی یاساکان و پەسەندکردنی بودجە.

گەلێك هەموار کردن لەسەر پێڕەوی ناوخۆ کراوە ، لە نێوانی بەۆواری (1992/6/17) تاکو (2013/5/27)، لەوانە ئەم هەموارکردنانەیە:

1 -هەموارکردنی یەکەم بە بریاری ژمارە (38)ی ساڵی 1993 لە 1993/7/18.

2- هەموارکردنی دووەم بە بریاری ژمارە (14)ی ساڵی 1998 لە 1998/4/29 و لەکتێبە بچکۆلەیە بە پەراویزی (1) تاکو (61) ئاماژەی بۆ کراوە.
3- هەموارکردنی سێیەم بە بریاری ژمارە (17)ی سالی 1998 لە 1998/9/26 دا.
4- هەموارکردنی چوارەم بە بریاری ژمارە (3) لە رۆژی 2000/4/12 دا.
5- هەڵوەشاندنوەی ماددەی (36) بە بریاری ژمارە (3) لە 2000/4/2.
6- هەموار کردنی شەشەم بە بریاری ژمارە (11)ی ساڵی 2009 لە 2009/9/15.
7- هەموارکردنی حەوتەم بە بریاری ژمارە (4)ی ساڵی 2013 لە 2013/5/27 دا.

هەروەها بڕیاری ژمارە (11) ی لە رۆژی 1992/8/31 دەرچوواند بە پابەندکردنی هەموو وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان کە پەیوەندیدار نین بە هیچ وەزارەتێك بە لێکوڵینەوەی یاسا و بڕیار و پێڕەوەکان و رێنمایی دەرچوو لە دەسەڵاتی ناوەندی و دەستنیشانکردنی ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستان ناگونجێن و عەرزکردنی بۆ پەرلەمان تاکو بزانێ بڕیار لەسەر شیاویەتی بە کارهێنانی لەناو هەرێمی کوردستان هەیە یان نیە , هەروەك لە برگەی دووەمی بڕیاری ناوبراودا هاتووە کە دەڵێ:

کار بە حوکمەکانی یاسا و بڕیارەکان و پەیڕەو و رێنمایی دەرچوو ، یاخود دەردەچێت ، لە دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە دوای کێشانەوەی ئیدارەی حکومەت لە هەرێمی کوردستان لە رۆژی 1991/10/23 دا ناکرێ ، تەنیا دوای بڕیاردان لەسەر مشروعیەتی کارپێکردنی لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانی عێراق ، و بڕیاری ناوبراو لە ژمارە (2)ی رۆژنامەی (پەرلەمان)ی مانگی تشرینی یەکەمی 1992 دا بڵاوکراوەتەوە.

بە دەرچوواندنی یاسا و بڕیار و پەیڕەو رێنماییەکان لە پەرلەمانی کوردستان, تەنیا بڕیارەکانی کە لە پەرلەمان دەرچوون کاریان پیدەکرێ لە هەرێمدا ، و کار بەو یاسا و بڕیارانە ناکرێت کە لە دەسەڵاتی ناوەندییەوە لە دوای 1991/10/23 دەردەچن مەگەر بڕیاری شیاوییان لە بەکارهێنانیان لە هەرێم لە لایەن پەرلەمانی کوردستانی عیراقەوە دەربچێ ، و بڵاوکردنەوەی بڕیاری ناوبراو لە ژمارە (2)ی رۆژنامەی (پەرلەمان)ی مانگی تشرینی یەکەمی 1992 و بە دەرچوواندنی یاسا و بڕیار و پێڕەو و رێنمایی لە پەرلەمانی کوردستان, ئەو بڕیارانەی لە پەرلەمان دەرچوون لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێ و کار بەو یاسا و بڕیارانەی لە دەسەڵاتی

ناوەندیی دوای رۆژی 1991/10/23 کاریان پێناکری ، تەنیا مەگەر بڕیار لەسەر مەشروعیەتی بەکارهێنانی بدرێت لە هەرێمدا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانی عێراق ، و هەروەها کار بەو بڕیارنەی کە هەلیپەساردوون، ناکریَ.

پەرلەمان ، یاسا و بڕیاری دیکەی بەپێی حوکمەکان و یاساکان بە شێوەیەکی گشتی یا کەرتی دەچووواندووە ، ئەگەر ئەو حوکمانە لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی کوردستانی عێراق نەگونجێن یاخود ناکۆك بن لەگەل پرەنسیپەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و رێنمایی گشتی لە هەرێم و فەلسەفەی حوکم و بە دانپێدانانی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدرالّی (کەزیاتر لە 80٪ی گەلی عێراق دەنگی پێداوە) و لە ماددەی (117/یەکەم)ی بە هەرێمی کوردستان و دەسەلاّتەکانی هەیەتی چ لە هەرێم و چ لە فیدرالّی و هەروەها ماددەی(141) کە دەقەکەی بەم جۆرەیە:

**(کارکردن بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان لە سالّی (1992)ەوە دەرچوون دەکرێت و ئەو بڕیارانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری چوواندوون بە بڕیارەکانی دادگاکان و گرێبەستەکانیەوە و کاریان پێدەکرێت ئەگەر هەموارنەکرابن یاخود هەڵنەوەشاندرابنەوە بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لایەنی تایبەتمەندەوە و ناکۆك نەبیَ لەگەڵ ئەم دەستووردا.)**

هەروەها ماددەی (121) لە دەستوری فیدرالّیدا دەلیَ:

یەکەم: دەسەلاّتەکانی هەرێم مافی ئەوەی هەیە دەسەلاّتی یاسادانان و جێبەجیَ کردن و دادوەری بەپێی حوکمەکانی ئەم دەستوورە هەبیَ ، جگە لەوەی کە تەنیا لە دەسەلاّتی فیدرالّی دایە.

دووەم: دەسەلاّتی هەرێم بۆی هەیە جێبەجیَ کردنی یاسای فیدرالّی لە هەرێمدا هەموار بکات لە کاتی هەستکردن بە بوونی ناکۆکی یان نەگونجاندا لە نێوان یاسای فیدرالّی و یاسای هەرێم لە بارەی مەسەلەی دەست تێوەرنەدان لە تایبەتمەندییەکانی دەسەلاّتی فیدرالّی و هەروەها ئەوەی دەقەکەی لە ماددەی (115)ی دەستووردا هاتووە _(هەرچی دەقی نەبیَ لە تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە دەسەلاّتەکانی فیدرالّی ، ئەو کاتە لە دەسەلاّتی هەرێم و پارێزگاکانی کە نەخرابنە

چوارچێوەی هەرێم ، لەگەڵ دەسەڵاتەکانی تر کە هاوبەشن لە نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان ، لەو کاتەدا ئەولەوییەت بۆ یاسای هەرێمەکان و پارێزگاکان دەبێ لە کاتێکدا ناکۆکی لە نێوانیاندا هەبێت.)

بەپێی حوکمەکانی ئەو ماددانەی کە لە دەستوری عێراقدا هاتوون لە پێناو ئەو مافانەی کە تێیدا جێگیرکراون، پەرلەمانی کوردستان هەستا بە دانانی یاسا و هەموارەکانی و پیادەکردنی هەندێ یاسای مەڵبەندیی لە هەرێمدا و لە پێناو بڵاوکردنەوەی زانیاری یاسایی لە بارەی یاسا جێبەجێکراوەکان و دەرچوو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ پتەوکردنی پرەنسیپی سەروەریی یاسا و ئاسانکاری بۆ ئەرکی دەسەڵاتەکان لە هەرێمدا و لە فەرمانگە و دەزگاکانیدا، بۆیە وام بە پەسند زانی ئەم نامیلکەیەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 و سەرجەم هەموارکردنەکانی تا ئێستا و هەندێ یاسا و بڕیارەکانی کە پەیوەندیدارن پێیەوە ئامادەی بکەم و ئاماژەش بۆ دەقی پێڕەوی ئەسڵی لە هەموارکردنەکان و زیادکردنی هەندی مادده و بڕگەکانی بکەم و بیخەمە بەردەستی ئەندامانی پەرلەمان بەوانەی پێویستیان بە زانینی حوکمەکانی یاساکان و ئەو بڕیارانەی کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچوون لە پێناوی خزمەتکردنی کاروانی یاسا و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی یاسایی کوردستان ، و ئاسانکاری بۆ گەڕانەوە بۆی و سەیرکردنی و سوود لێوەرگرتنی ، لە پێناو کەمکردنەوەی ماندووبوون و کەمکردنەوەی کات بۆ گەڕان بە دوای (مەتن) و هەموارەکان و هەڵوەشاندنەوەیان تاکو سەرچاوەیەك بێت بۆ هەمووان.

<u>پێویستشە لێرەدا ئاماژە بەوەش بکەم ، بەپێی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2009( یاسای هەموارکردنی یاسای پەرلەمان) ناوی (پەرلەمانی کوردستان-عێراق) جێی (ئەنجوومەنی نیشتیمانی کوردستان-عێراق)ی لە یاسای ناوبراو و ، هەموو یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا گرتەوە.</u>

**عەونی بەزاز**

**ئەندامی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**جێگری سەرۆکی لێژنەی کاروباری یاسایی**

**نەورۆز 2713 ی کوردی** | **ئاداری 2013 ی زایینی**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (8)ی ماددەی (56)ی یاسای پەرلەمانی کوردستان–عێراق ی ژمارە (1)ی ساڵی 1992، پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە شەشی گرێدراو لە ڕێکەوتی 1992/6/17، بڕیاری دەرکردنی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی دا:

# پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق*

## ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو

## بەشی یەکەم

## پێناسەکان

### ماددەی (1):

مەبەستی ئەم پێڕەوە لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

**هەرێم:** هەرێمی کوردستان – عێراق.

**پەرلەمان:** پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**سەرۆك:** سەرۆکی پەرلەمان.

**ئەندام:** ئەندامی پەرلەمان.

* – ناوی پەرلەمانی کوردستان – عێراق جێگەی ناوی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان – عێراق هاتوو لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و یاسا بەرکارەکانی هەرێمی گرتەوە بەپێی ماددەی یەکەمی یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2009 یاسای هەمواری چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان – عێراق ی بەرکار لە ڕێکەوتی 2009/3/25ەوە. دەقی ماددەکەش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ماددەی یەکەم:

یەکەم/ ناوی (پەرلەمانی کوردستان – عێراق) جێگەی (ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان – عێراق)ی هاتوو لە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراوو یاسا بەرکارەکانی هەرێم دەگرێتەوە.

دووەم/ سەرجەم زاراوەو دەستەواژە هاتووەکانی ئەم یاسایەو یاسا بەرکارەکانی هەرێم بەو شێوەیەی لەگەڵ هەمواری هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە وەکیەك دەبێت هەموار دەکرێن.

**دەستە:** دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

**یاسا:** یاسای پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**پێڕەو:** پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**دانیشتن:** کۆی گشتی ئەو کۆبوونەوانەی لە ڕۆژێکدا دەبەسترێن.

**خولی گرێدان:** ماوەی ویلایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق.

**فراکسیۆن:** کۆی گشتی ئەندامانی پەرلەمانی سەر بە یەکێك لەو لیستانەی هەڵبژاردن کە بەرێژەی 7٪ بەرەو سەرەوە لە هەڵبژاردنە گشتیەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە. [1]

## بەشی دووەم

## کۆبوونەوەی پەرلەمان

### ماددەی (2)

پەرلەمان لە هەولێر کۆبوونەوەی خۆی دەبەستێت و دەکرێت لە کاتی پێویستدا لە هەر شوێنێکی تر ببەسترێت.

### ماددەی (3)

پەرلەمان دانیشتنی یەکەمی خۆی لە کاتژمێر دەی ڕۆژی دەیەمی ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبەستێت بەپێی یاسا بەرکارەکان.

### ماددەی (4)

کۆبوونەوەی پەرلەمان یاسایی نابێت تەنها بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی نەبێت وە پەرلەمان بڕیارەکانی بە زۆرینەی ئامادەبووان دەردەکات ئەویش جگە لەو حاڵەتانەی پێویستیان بە زۆرینەیەکی تایبەتەوە هەیە بەپێی یاسا وە لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەوا سەرۆك دەنگی یەکلایی کەرەوەی دەبێت.[2]

**ماددەی (5)**

1 -پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خول گرێدەدات یەکەمیان لە سەرەتای مانگی ئازار دەست پێدەکات و لە کۆتایی مانگی حوزەیران کۆتایی دێت وە دووەمیان لە سەرەتای ئەیلول دەست پێدەکات و لە کۆتایی کانونی یەکەم کۆتایی دێت.

2 -پاڵپشت بە بڕگەی (1) ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی ڕێکخستنی ماوەی گرێدانی خولی یەکەم و دووەمی ساڵی 1992 لە ئەستۆ دەگرێت.

**ماددەی (6)**

1 -سەرۆکی پەرلەمان یان یەك لەسەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکەن لە دانیشتنێکی نائاسایی وە کۆبوونەوەکەش کورت دەکرێتەوە سەر تێڕوانینی ئەو بابەتانەی لە بانگهێشتەکە دیاری کراون.

2 -لە کاتی پێویستدا سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوە بکات لە دانیشتنێکی نائاسایی لەسەر داواکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

**ماددەی (7)**

پەرلەمان بۆی هەیە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامەکانی ماوەی گرێدانی هەر یەك لە دوو خولەکە درێژ بکاتەوە بۆ ماوەیەك کە لە یەك مانگ زیاتر نەبێت ئەویش بۆ تەواو کردنی ئەو ئەرکانەی پێویستیان کردووە خولەکە درێژ بکرێتەوە.

**ماددەی (8)**

ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە لە یەکەم دانیشتنی دەست پێدەکات و بە کۆتایی هاتنی دواین دانیشتنی لە ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت.[3]

**ماددەی (9)**

دانیشتنەکانی پەرلەمان بە ئاشکرایی دەبن و دەکرێت لە سەر داواکاری سەرۆك یان یەك لە سەر چواری ژمارەی ئەندامەکانی کەمتر نەبێت و بە ڕەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووان بکرێتە نهێنی.

## بەشی سێیەم

## دەستەی سەرۆکایەتی

### یەکەم: هەڵبژاردنی دەستە

**ماددەی (10)**

دانیشتنی یەکەمی کۆبوونەوەی هاتوو لە ماددە سێی ئەم پێڕەوە لە لایەن گەورەترین ئەندامەکانی لە ڕووی تەمەنەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

**ماددەی (11)**

سەرۆکی کاتی و دوای ئەو هەر یەك لە ئەندامەکان ئەم سوێندە یاساییەی خوارەوە لەبەردەم پەرلەماندا ئەنجام دەدەن:

((**سوێند بەخوای مەزن پارێزگاری بکەم لە یەکریزی گەل و خاکی کوردستانی عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی**)).[4]

**ماددەی (12)** *

لە رێکەوتی ئەنجامدانی سوێندنی یاسایی ئەوا ئەندامی هەڵبژێردراو بە ئەندام لە پەرلەمان و دەست بەکار هەژمار دەکرێت و لە دەرئەنجامدا سەرجەم مافەکانی ئەندامێتی دەبێت.

**ماددەی (13)**

1 –سەرۆکی کاتی لە دوای سوێندن خواردنی، دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ پێگەکانی دەستە کە بریتین لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی و سکرتێر رادەگەینێت.

2 –لە دوای داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن پرۆسەی هەڵبژاردن بە رێگەی دەنگدانی نهێنی ئەنجام دەدرێت و ئەوەی زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان بەدەست دەهێنێت سەرکەوتوو دەبێت.

---

* تێبینی یاسای ژمارە (13)ی ساڵی 2009 بکە ، کە لە رۆژی (2009/10/26)دا دەرچووێندرا ، و تیایدا هاتووە: لەحاڵەتی سوێندخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆیەکی رەوا ، ئەوا دوای (90) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ وە پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

## ماددەی (14)

1 -هەر ئەندامێکی ئامادەبوو لە دانیشتنەکە پەڕێکی مۆرکراو بە مۆری پەرلەمانی پێدەدرێت ناوی ئەو ئەندامانەی لەسەر دەنووسێت کە دەیەوێت بۆ هەر یەکێك لە پێگەکانی دەستە هەڵیان بژێرێت.

2 -ئەندامەکە پەڕەکەی خۆی دەخاتە نێو ئەو سندوقەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە وە جێگرتنەوە یان بریکاری لە دەنگدان قەدەغەیەو پەڕی مۆرنەکراو یان بەتاڵ لە هەر نیشانەیەك بۆ یەکێك لە پاڵێوراوان ئەوا بە پووچەڵ هەژمار دەکرێت.

3 -دوو ئەندامی بچووکترین تەمەن لە نێوان ئامادەبووواندا لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکی کاتی دەنگەکان جیادەکەنەوە.

4 -ئەگەر ژمارەی دەنگەکانی کێبرکێکارانی پێگەیەك یەکسان بوو ئەوا لە دانیشتنێکی تر دووبارە هەڵبژاردن دەکرێتەوە بۆ پێگەکە یان ئەو پێگانەی ژمارەی دەنگەکانی تیادا یەکسان بووە وە لە حاڵەتی دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە ئەوا پەنا دەبرێتە بەر ئەنجامدانی تیروپشك لە نێوانیاندا. (7)

## ماددەی (15)

سەرۆکی کاتی ئەنجامی دەنگدانەکە رادەگەینێت و داوا لە سەرۆك و جێگرەکەی و سکرتێر دەکات بچنە جێگەی تەرخان کراو بۆ دەستەی سەرۆکایەتی.

## ماددەی (16)

1 -لە حاڵەتی پێشکەش کردنی یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی دەست لەکارکێشانەوە لە پێگەکەیان ئەوا پاش رەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ژمارەی دەنگی ئامادەبووان قەبول دەکرێت.

2 -لە کاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی یان سکرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەرلەمان لە یەکەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەکە وە بەهەمان رێگەی دەقکراو لەم پێڕەوەدا جێگرەوەیەکیان بۆ هەڵدەبژێرێت.

## دووەم: دەسەڵات و ئەركەكانی سەرۆك

**ماددەی (17)**

سەرۆك ئەم دەسەڵات و ئەركانەی خوارەوە پیادە دەكات:

1 -پیادەكردنی یاساو پێڕەوی ناوخۆی پەرلـەمان.

2 -كردنەوەی خول و دانیشتنەكانی پەرلـەمان و سەرۆكایەتی كردن و كۆتایی پێهێنان و دواخستن و دیاری كردنی كاتەكانی.

3 -بەڕێوەبردنی گفتوگۆو پارێزگاری كردن لـە ڕێككارییەكانی.

4 -گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایش و ڕێككاریی ناو پەرلـەمان و بۆی هەیە هێزی ڕێككاری گونجاو بۆ ئەم مەبەستە دیاری بكات و لـە ژێر فەرمانی ئەودا دەبن.

5 -واژووكردنی كۆنووسی دانیشتنەكان لـە هەردوو ئەندامەكەی تری دەستەی سەرۆكایەتی.

6 -هەڵسان بە سەرجەم ئەو شتانەی پەیوەستن بە پەرلـەمانەوە لـە ڕەفتاركاریی یاسایی و كاری كارگێڕی و دارایی و بۆی هەیە كەسانی تری ئەندامی دەستەی سەرۆكایەتی بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپێرێت.

7 -واژووكردنی سەرجەم نووسراوە فەرمیەكان لـەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێكردن و لایەنی تری ناوەوەو دەرەوەی هەرێم.

8 -واژووكردنی سەرجەم ئەو نامەو هەواڵگرییانەی لـە پەرلـەمانەوە یان یەكێك لـە لیژنەكانی دەردەچن پاش مۆركردنی بە مۆری خۆی.

9 -دڵنیابوون لـە ژمارەی یاسایی بە هاوكاری هەردوو ئەندامەكەی تری دەستەی سەرۆكایەتی.

10 -خستنەڕووی شت بۆ پەرلـەمان تاوەكو دەنگی لـەسەر بدرێت لـە كاتی پێویستدا.

11 -سەرپەرشتیكردنی كاری لیژنەكانی پەرلـەمان.

12 -نوێنەرایەتی كردنی پەرلـەمان لـە ئاهەنگە نیشتیمانیی و بۆنەكانی تر و بۆی هەیە كەسانی تر لـە ئەندامەكان بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپێرێت.

13 -دەرچوواندنی ئەو یاساو بڕیارو پێڕەوانەی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەریان دەربڕیوە .* [8]

## سێیەم: دەسەڵات و ئەرکەکانی جێگری سەرۆك

### ماددەی (18)

جێگری سەرۆك ئەم دەسەڵات و ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1 -پیادەکردنی سەرجەم دەسەڵاتەکانی سەرۆك لە کاتی ئامادەنەبوونیدا، هەروەها دەکرێت سەرۆك هەندێك ئەرکی دیاری کراو بخاتە ئەستۆ.

2 -بەشداریکردن لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەرکەکانی وەك ئەندامێك تیایدا.

3 -بەدواداچوونی کاری لیژنەکان وپێشکەش کردنی راپۆرت دەربارەیان بۆ سەرۆك. [9]

## چوارەم: دەسەڵات و ئەرکەکانی سکرتێر

### ماددەی (19)

سکرتێر ئەم دەسەڵات و ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات:

1 -سەرپەرشتیکردن نووسینەوەی کۆنووسی دانیشتنەکان و بەرنامەی کاری دانیشتنەکان و چاپکردن و دابەشکردنیان بەسەر ئەندامەکاندا.

2 -جێگیرکردنی ناوی ئەو ئەندامەی دەیەوێت قسە بکات بە گوێرەی ریزبەندی کاتی داواکارییەکان.

3 -بەشداریکردن لە کارەکانی دەستەی سەرۆکایەتی و ئەرکەکانی وەك ئەندامێك تیایدا. [10]

## پێنجەم: دەسەڵات و ئەرکە هاوبەشەکان

### ماددەی (20)

دەستەی سەرۆکایەتی بەمانەی خوارەوە هەڵدەستێت:

* – بەدەرچوونی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی ژمارە (1)یساڵی 2005 دەرچوواندن بوو بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەپێی ماددەی دەیەم/یەکەم ی ئەم یاسایە.

1 -ڕێکخستنی بەرنامەی کاری هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان و پێڕاگەیاندنی ئەندامەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ پرۆژەو پێشنیارو راپۆرتی بابەتی گفتوگۆکە بەلای کەم بەر لە دوو رۆژ لە کۆبوونەوەی پەرلەمان.

2 -تێڕوانین لە ناکۆکی تایبەتمەندیی نێوان لیژنەکان دەربارەی ئەو پرسانەی بۆیان ڕەوانەکراوەو یەکلایی کردنەوەیان.

3 -دانانی رێسای تایبەت بە نووسینەوەی کۆنووسەکان و رێکخستنیان.

4 -خوێندنەوەی پوختەی کۆنووسی دوایین دانیشتنی پەرلەمان لە دانیشتنی دواتردا. [11]

**ماددەی (21)**

دەستەی سەرۆکایەتی هەر کاتێك پێویست بێت کۆدەبێتەوە بە بانگهێشتی سەرۆك وە دەبێت کۆنووسی دانیشتنەکانی رێکبخات و ئەو بابەتانەی بۆی خراونەتەڕوو بیروڕاکان و بڕیارەکان و پالپشتەکانیان جێگیر بکات و ئەندامەکانی واژوو دەکەن و لەگەڵ دۆکیومێنتەکانی پەرلەمان دەپارێزرێن.

**ماددەی (22)**

لە حالەتی لەتوانا نەبوونی هەلسانی سەرۆك و جێگرەکەی بە ئەرکەکانیان ئەوا دانیشتنەکە لە لایەن بە تەمەنترین ئەندامەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

**ماددەی (23)**

لە حالەتی ئامادەنەبوونی سکرتێر ئەوا لە یەکێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوا دەکرێت بە ئەرکەکانی هەلبستێت تاوەکو ئامادە دەبێت پاش رەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووکانی.

## بەشی چوارەم
## ئەندامێتی لە پەرلەمان
## یەکەم: دروستی ئەندامێتی

**ماددەی (24)**

1- هەر ئەندامێك بۆی هەیە تانە بدات لە ئەندامێتی هەر ئەندامێکی تر وە هەر کاندیدێك لە لیستە براوەکانی هەڵبژاردن بۆ هەیە تانە بدات لە ئەندامێتی ئەو ئەندامە براوەی لیستەکەی لە لای پەرلەمانەوە.

2- لە دووەم دانیشتنی یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان و بەرێگەی هەڵبژاردن لیژنەیەکی کاتیی بە ناوی (لیژنەی تیڕوانین لە دروستیی ئەندامێتیی) پێکدەهێنرێت لە ژمارەیەك نابێت لە پێنج ئەندام کەمتر بێت بەمەرجێك نابێت ئەو کەسانەی تانە لە دروستی ئەندامێتیان دراوە ببنە ئەندامی ئەم لیژنەیە.

3- لیژنەکە دەڕوانێتە داواکاری تانەکەو بۆی هەیە بڕوانێتە سەرجەم ئەو کۆنووس و دۆکیومێنتانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنی ئەو ئەندامەی تانە لە ئەندامێتیەکەی دراوەو راپۆرتەکەی لە ماوەیەك کە لە یەك مانگ لە رێکەوتی ڕەوانەکردنی داواکارییەکە بۆی تێپەڕنەکات، پێشکەش دەکات.

4- پەرلەمان تایبەتمەند دەبێت بە یەکلایی کردنەوەی دروستیی ئەندامێتی و بڕیارەکەی خۆی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئامادەبووان دەردەکات.

5- تانەکان بە نووسراویی پێشکەشی سەرۆك دەکرێن لە ماوەی خولی یەکەم لە رێکەوتی یەکەم دانشتنی گرێدراوی پەرلەمان لە دوای هەڵبژاردنی و سەرۆکیش ئەم تانانە ڕەوانەی (لیژنەی تیڕوانین لە دروستیی ئەندامێتی) دەکات و هەمان رێکار دەگرترێتەبەر لەوەی تایبەتە بەو ئەندامانەی دواتر دەبنە ئەندام پەرلەمان.

6- ئەگەر دروستی تانەکە سەلمێنرا ئەوا سەرۆك ئەنجامەکەی پێشکەشی ئەو لایەنەی دەکات کە خاوەنی لیستەکەیە بۆ ئەوەی لە هەمان لیستدا کاندیدێکی تر دەستنیشان بکات بەپێی ئەوەی لە ماددەی (44)ی یاسادا هاتووە لە ماوەی شەست رۆژدا بەمەرجێك باقی ماوەی پەرلەمان لە شەش مانگ کەمتر نەبێت.

7 –لە حاڵەتی ناڕاستەقینەیی تانەکە یان لەخۆگرتنی زانیاری نادروست ئەوا لیژنەکە ڕاپۆرتێك لەم بارەیەوە دەداتە سەرۆك کە بۆی هەیە داواکارییەکە ڕەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی تایبەتمەند بکات بۆ ئەنجامدانی بەدواداچوونی یاسایی دەرهەق بە تانەلێدەر ئەگەر تانەکە تەلەکبازیی بێت یان مەبەستی خراپەکاری بێت بۆ ئەو ئەندامەی تانە لە دروستیی ئەندامێتی دراوە.[12]

## دووەم: ئەرك و مافی ئەندام

### ماددەی (25)

1 –ئەندام پابەند دەبێت بە ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان و ئەو لیژنانەی کە لێیان ئەندامەو ناکرێت ئامادەنەبێت تەنها بە پاساوی ڕەوا نەبێت کە سەرۆك یان سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند دەربارەی کۆبوونەوەکانی لیژنەکان دەیخەملێنێت.

2 –ئامادەنەبوونی ئەندام لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەهۆی ڕاسپاردنی بە ئەرکی فەرمی لە لایەن پەرلەمانەوە بە ئامادەنەبوون هەژمار ناکرێت.

3 –سەرۆك بۆی هەیە مۆڵەتێکی ئاسایی بداتە ئەندام ئەگەر بارودۆخەکەی ئەمەی خوارست بۆ ماوەیەك لە (15) ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ماوەی هەر خولێك لە خۆلە گرێدراوەکان.

4 –ئەندام بۆی هەیە سوود وەرگرێت لە مۆڵەتی نەخۆشیی کە بەپێی ڕێکارە شیاوەکان پێی پێدراوە لە ماوەی خولە گرێدراوەکان.

5 –لە حاڵەتی ناچاربوونی ئەندام کەوا بەبێ بوونی ئەرکێکی فەرمی و بەشێوەیەکی بەردەوام لە دوو دانیشتن ئامادەنەبێت ئەوا پێویستە لەسەری داواکارییەك بداتە سەرۆکی پەرلەمان تیایدا هۆیەکانی ئامادەنەبوونی ڕوون بکاتەوە.

6 –ئەگەر ئامادەنەبوونی ئەندام زیاتر لە مانگێك بەبێ مۆڵەتی سەرۆکی پەرلەمان بەردەوام بێت ئەوا هیچ لە مووچەو دەرماڵەکانی لە ماوەی ئامادەنەبوونیدا وەرناگرێت.

7 –لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەندام لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان یان لیژنەکانی بەبێ پاساوی ڕەواو بۆ سێ جاری جیا لە ماوەی خولی گرێدراودا ئەو سەرۆك بۆی هەیە ئەو ئەندامەو لیستەکەی لەم بارەیەوە ئاگادار بکاتەوە.[13]

## سێیەم: حەسانەو پاداشت

### ماددەی (26)

ئەندام لەسەر رادەربڕین و ئەو ڕووداوانەی لە کاتی بەجێگەیاندنی کارەکانی لە پەرلەماندا لێپرسینەوەی لەگەڵدا ناکرێت.

### ماددەی (27)

1 –ناکرێت هیچ ئەندامێك بەدواکەوتنی بۆ بکرێت یان بگیرێت بە هۆی تاوانێك لە کاتی خولەکانی گرێدراودا بەبێ مۆڵەتی پەرلەمان تەنها لە حاڵەتی گرتن بە جینایەتەوە نەبێت.

2 –ناکرێت هیچ ئەندامێك بەدواکەوتنی بۆ بکرێت یان بگیرێت لە دەرەوەی خولەکانی گرێدراودا بە هۆی تاوانێك بەبێ مۆڵەتی سەرۆك تەنها لە حاڵەتی گرتن بە جینایەتەوە نەبێت.

3 –داواکرتنی مۆڵەتەکە پێشکەشی سەرۆك دەکرێت لەو لایەنە دادگەرییەی پەیوەندارە، پاڵپشت بە پەرەکانی ئەو کێسەی داواکراوە ڕێکاری تیایدا بگرترێتەبەر.

4 –سەرۆك داواکاری ئاماژەپێکراو دەخاتە نێو بەرنامەی کارەکانی نزیکترین دانیشتن و دەیخاتە بەردەم پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات لەو حاڵەتانەی لە بڕگەی (1)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە.

5 –پەرلەمان نارِوانێتە ئەم داواکارییە لە ڕووی بوونی یان نەبوونی بەڵگەکانی تۆمەت بەڵکو دەڕوانێتە راستەقینەی داواکە، بۆ هێنانەدی دادپەروەری یان تەلەکبازی بەمەبەستی خراپەکاری بۆ ئەندام.[14]

### ماددەی (28)[1]

1 –هەر یەك لە سەرۆك و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامەکان مووچەو دەرماڵەی مانگانە وەردەگرن.

2 –لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی ئەندام پەرلەمان لە هەر دانیشتنێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بەبێ پاساوێکی ڕەوا ئەو بڕی (200) دوو سەد دینار لەو پاداشتەی لە بڕگەی (1)ی

(1) – تکایە تێبینی بڕیاری ژمارە (13)ی ڕێکەوتی 1992/9/13ی دەکراو لە لایەن پەرلەمانەوە بکرێت.

سەرەوە باسکراوە بەرامبەر هەر دانیشتنێك لێی دەبڕدرێت بەمەرجێك کۆی گشتی لێبڕدراوەکان لە پاداشتی مانگانەی تێپەڕ نەکات*. (15)

## ماددەی (29)

1 –ماوەی راژەی ئەندام لە پەرلـەماندا بۆ مەبەستەکانی سەرمووچەو بەرزکردنەوە خانەنشینیی هەژمار دەکرێت.

2 –ئەگەر ئەندامێك لـە کاتی یان لـە ئاکامی راژەی لـە پەرلـەماندا یان بە هۆیەوە کۆچی دوایی کرد ئەوا مووچەیەکی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی کە پەرلـەمان دیاری دەکات تەرخان دەکرێت. (2)

## چوارەم: کۆتاییهاتنی ئەندامێتی و لە دەستدانی

## ماددەی (30)

أ –ئەندامێتی لە پەرلـەمان لـەم حاڵەتانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت:

1 –کۆتایی هاتنی ماوەی پەرلـەمان یان هەڵوەشاندنەوەی.

2 –مردن.

ب– ئەندام ئەندامێتی خۆی لە پەرلـەماندا لـەم حاڵەتانەی خوارەوە لـەدەست دەدات:

1 –دەستلـەکارکێشانەوەی ئەندام و قەبولـکردنی.

2 –لـەدەستدانی ئەندام بۆ مەرجێك لـە مەرجەکانی خۆ کاندیدکردن بۆ ئەندامێتی و پەرلـەمانیش ئەمە بڕیار دەدات بە زۆرینەی دوو لـەسەر سێی ئامادەبووان.

3 –ئامادەنەبوونی ئەندام لە سێ دانیشتنی یەك لـەدوای یەك بەبێ پاساوی رەوا. (16)

* بەپێی بڕیاری ژمارە (38)ی ڕێکەوتی 1993/7/18 هەموار کراوە.

(2) – تێبینی کردنی یاسای خانەنشینی ئەندامانی پەرلەمان ی ژمارە (13)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو.

**ماددەی (31)**

ئەگەر کورسییێکی پەرلەمان بەتاڵ مایەوە ئەو کاندیدێکی تری هەمان لیست جێگەی دەگرێتەوە.[17]

## پێنجەم: کــۆنەکـــردنەوە

**ماددەی (32)**

1 –ناکرێت ئەندامێتی پەرلەمان لەگەڵ پۆستە گشتیەکان کۆبکرێنەوەو فەرمانبەری گشتی لەگەڵ سوێندن خواردنی لەبەردەم پەرلەماندا بە دەست لەکارکێشاوە لە پۆستەکەی هەژمار دەکرێت و پێویستە لەسەری سکرتاریەتی پەرلەمان لە پێگەی وەزیفی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

2 –ناکرێت ئەندامێتی پەرلەمان لەگەڵ ئەندامێتی یەکێك لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکانی پەیوەست بە فەرمانگەو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کۆبکرێنەوەو پێویستە لەسەر ئەندام لە ماوەی هەشت رۆژ لە رێکەوتی راگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن یەکێك لە دوو ئەنجومەنەکە دەستبشان بکات ئەگینا وا هەژمار دەکرێت کەوا ئەندامێتی ئەم پەرلەمانەی دەستنیشان کردووەو ئەمەش بە پەرلەمان دەڵێت.

3 –ناکرێت ئەندام بەخۆی یان بەهۆی کەسانی ترەوە لە کاتی ئەندامێتیدا گرێبەست لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا بکات هەروەها بۆی نیە ئەندامێتی خۆی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت.

4 –گشت ئەندامانی پەرلەمان بە خۆتەرخانکار دادەنرێن.

5 –هەڵسان بە ئەرك و کاری حیزبی یان سەندیکایی یان رێکخراوە جەماوەرییەکان بە هەڵسان بە کاری وەزیفی یان رەنگینیی یان پیشەگەریی هەژمار ناکرێت و لەگەڵ مەبەستەکانی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمان ناکۆك نابێت.[18]

## شەشەم: دەست لەکارکێشانەوە [19]

**ماددەی (33)**

ئەندام دەست لەکارکێشانەوەی خۆی بە نووسراویی پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمانی دەکات و لە یەکەمین دانیشتن دەخوێندرێتەوە.

**ماددەی (34)**

ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بۆی هەیە لە دەست لەکارکێشانەوەکەی خۆی پاشگەست ببێتەوە بە داواکارییێکی نووسراو پێشکەشی سەرۆکی پەرلەمانی دەکات بەر لەوەی پەرلەمان پێی بزانێت.

**ماددەی (35)**

دەست لەکارکێشانەوەکە بە بەرکار هەژمار دەکرێت گەر پەرلەمان بە زۆرینەی ئامادەبووان ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێت.

**ماددەی (36)**

(هەڵوەشێندراوەتەوە)*.

## بەشی پێنجەم

## لێژنەکانی پەرلەمان

### یەکەم: لێژنە بەردەوامەکانی پەرلەمان

**ماددەی (37)**

لێژنە بەردەوامەکان لە یەکەمین خولی گرێدراو لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان پێکدەهێنرێت و لە پێکهێنانەکەشی خواست و پسپۆری ئەندامەکە ڕەچاو دەکرێت. [20]

---

* بەپێی بڕیاری ژمارە (3)ی ڕێکەوتی 2000/4/2 هەڵوەشێندراوەتەوەو دەقی ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
(ناکرێت ئەندامی دەست لەکارکێشاوە بگەڕێندرێتەوە کورسیەکانی ئەنجومەن).

## ماددەی (38) * (**)

لیژنە بەردەوامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێن:- (21)

1 -لیژنەی کاروباری یاسایی.

2 -لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری.

3- لیژنەی ناوەخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەتیەکان.

4- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

5- لیژنەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەت.

6- لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

7- لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە.

8- لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان.

9- لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێ.

10- لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن و ئاسەوار.

11- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

12- لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.

13- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ.

14- لیژنەی پیشەسازی و ووزەو سەرچاوە سروشتیەکان.

15- لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار.

16- لیژنەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر.

17- لیژنەی وەرزش و لاوان.

18- لیژنەی دەسپاکیی.

19- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

---

* - بەپێی بریاری ژمارە (3)ی ریکەوتی 2001/4/12، بڕیاری هەمواری چوارەمی پێڕەوی ناوخۆ، هەموار کراوە.

(**) - دواتر هەمدیس هەموارکراو بووە بەم شێوەیەی ئێستای بە بریاری هەمواری شەشەمی پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (11)ی ساڵی 2009 لە رێکەوتی 2009/9/15، و ژمارەی لێژنەکان (14) لێژنە بوون و بوو بە (19) لێژنەی پەرلەمانیی بەپێی ئەم هەموارە.

## ماددەی (39)

1 -دەستەی سەرۆکایەتی ئەندامەکان بەسەر لیژنەکاندا دابەش دەکات بەمەرجیک بەپیی توانا پسپۆری ئەندام و خواستەکەو پێویستی لیژنەکان رەچاو بکات و ئینجا پرسەکە دەخریتە بەردەم پەرلەمان بۆ رەزامەندی لەسەردان و لە حالەتی رازی نەبوونی پەرلەمان لەسەر لیژنەیەکی دیاریکراو پەنا دەبریتە بەر هەلبژاردنی.

2 -ناکریت ئەندامیتی زیاتر لە دوو لیژنەی بەردەوام کۆبکریتەوە، هەروەها ناکریت ئەندامیتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامیتی لیژنە بەردەوامەکانی پەرلەمان کۆبکرینەوە.

3 -لیژنە بەردەوامەکان لە ژمارەیەك لە ئەندام پیکدەهینریت نابیت لە پینج ئەندام کەمتر بن و نابیت لە یازدە ئەندام زیاتر بیت و هەر لیژنەیەك لە نیوان ئەندامەکانیدا سەرۆکیك و جیگریك و بریاردەریك هەلدەبژیریت.* (**)

4 -ژمارەی یاسایی لە کۆبوونەوەی لیژنەکان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی تەواو دەبیت بەمەرجیك سەرۆك یان جیگرەکەی لە نیوان ئامادەبووان دابن و بریارەکانی بە زۆرینە دەردەکات.

5 -لیژنەکان لەسەر داوای سەرۆکەکەی کۆدەبنەوەو لە ریگەی بریاردەرەکەی بانگەشەی ئەندامەکانی دەکریت.

6 -دەکریت کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە نیوان دوو لیژنە یان زیاتر ئەنجام بدریت بۆ تیروانینی ئەو بابەتانەی ئەمە پێویست دەکەن و ئەوکاتەش گەورەترین سەرۆك لیژنەو گەورەترین جیگرو گەورەترین بریاردەر لە رووی تەمەنەوە دەبنە سەرۆك و جیگرو بریاردەر.

7 -نابیت ئەندام ببیتە سەرۆکی یان جیگری سەرۆك یان بریاردەری زیاتر لە یەك لیژنە. [22]

---

* – برگەی (3)ی ماددەی (39) بە بریاری ژمارە (3)ی ریکەوتی 2001/4/12، بریاری هەمواری چوارەمی پیرەوی ناوخۆ، هەموار کراوە.

(**) – دواتر دیسان برگەکە هەموارکراو بووە بەم شیوەیەی ئیستای بە بریاری هەمواری شەشەمی ژمارە (11)ی سالی 2009 لە ریکەوتی 2009/9/15.

## ماددەی (40)

1 –لیژنە بۆی هەیە پشت ببەستێت بە هەر ئەندامێك لە ئەندامەكانی پەرلەمان یان هەر شارەزا یان پسپۆرێك جگە لە ئەندامانی پەرلەمان بۆ گوێگرتن لە بیروڕای و پشت بەستن پێیانەوە بەبێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

2 –هەر ئەندامێك لە ئەندامانی پەرلەمان بۆی هەیە لە كۆبوونەوەكانی هەر لیژنەیەك لە لیژنە بەردەوامەكان ئامادە بێت پاش ڕەزامەندی سەرۆكەكەی و كاتەشدا بۆی هەیە بیروڕای خۆی دەربڕێت بەبێ ئەوەی بەشداری بكات لە دەنگداندا. [23]

## ماددەی (41)

**1** –بانگهێشتكردنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە لە ڕێگەی سەرۆك وەزیرانەوە ئەنجام دەدرێت ئەویش بۆ ئامادەبوون لە كۆبوونەوەی لیژنەكان لە ماوەیەك لە سێ ڕۆژ لە ڕێكەوتی ئاراستەكردنی بانگهێشتنامەكە تێپەڕ نەكات.

**2** –ئەوەی بە پلەی وەزیرە لە لایەن سەرۆكی پەرلەمانەوە بانگهێشتنامەی بۆ دەكرێت و فەرمانبەرە گشتیەكانی تریش لە لایەن سكرتێرەوە بانگهێشتنامەیان بۆ دەكرێت.

**3** –هەر پازدە ڕۆژ جارێك سەرۆك وەزیران یان هەر وەزیرێك ئامادەبوونی بەباش دەزانرێت یەكجار ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان دەبێت. [24]

## ماددەی (42)

**1** –لیژنە بەردەوامەكان مافیان هەیە لە ڕێگەی جێگری سەرۆكی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگە فەرمی و ڕێكخراوە جەماوەری و پیشەییەكان بكەن كەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسكردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە ڕوو، پێشكەشیان بكرێت.

**2** –ئەگەر ئەو لایەنانەی لە بڕگەی سەرەوە باسكراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواكراو بە لیژنە بەردەوامەكان ئەوكاتە لە ڕێگەی سەرۆكی پەرلەمان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەكرێتەوەو لە حاڵەتە وەڵام نەدانەوەی داواكارییەكە لە ماوەی پازدە ڕۆژدا بابەتەكە دەخرێتە بەردەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بكات. [25]

**ماددەی (43)**

ئەو حوکمانەی تایبەتن بە ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی هاتوو لە ماددەی (25)ی پێڕەوی ناوخۆ بەسەر ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی لیژنەکان پیادە دەکرێت.[26]

**ماددەی (44)**

لە کاتی بەتاڵیی ئەندامێتی یەکێك لە لیژنەکان ئەوا ئەندامێکی تر بەپێی هەمان رێگەی دەقکراو لەم پێڕەوەدا کاندید دەکرێت.[27]

**ماددەی (45)**

1- سەرۆك بابەتەکان بەسەرجەم دۆکیومێنت و پاشکۆکانی ڕەوانەی لیژنەکان دەکات و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەیە ئامادەی دانیشتنەکانی ببن بەبیٚ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

2- لیژنە کۆنووسی دانیشتنەکانی رێکدەخات و ناوی ئەندامە ئامادەبوو و ئامادەنەبووەکان و ئەو گفتوگۆیانەی تیایدا ئەنجام دەدرێت جێگیر دەکات بریارەکانی بە زۆرینەی دەردەکات و لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا ئەو لایەن سەردەخرێت کە سەرۆکی لەگەڵدایە.[28]

**ماددەی (46)**

ئەگەر پرۆژەکە یان پێشنیارەکە دەکەوێتە پسپۆری زیاتر لە یەك لیژنە ئەوا سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە داوا لە لیژنە پەیوەندارەکان بکات بۆ بەستنی کۆبوونەوەی هاوبەش لە نێوانیاندا چ بە سەرۆکایەتی خۆی یان بە سەرۆکایەتی جێگرەکەی بۆ تاوتوێکردنی و دانانی یەك راپۆرت دەربارەیەوە، بەڵام ئەگەر هەر لیژنەیەك بەجیا تاوتوێی کردبوو سەرۆکایەتی تێبینی کرد کەوا جیاوازییەك هەیە لە دەقە پێشنیارکراوەکان لەوانەیە ببێتە هۆی ئاڵۆزی تاوتوێکردن ودەنگدان لە پەرلەماندا ئەوا پێویستە لیژنە پسپۆڕەکان وەك یەك لیژنە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی پەرلەمان یان جێگرەکەی کۆببنەوە بۆ دووبارە تاوتوێکردنی و دانانی راپۆرتێکی یەکخراو بۆی و سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە هەر بابەتێك بخاتە بەردەم لیژنە هاوبەشەکان بەپێی قەناعەتی خۆی یان، بەلای کەم، لەسەر داوای پێنج ئەندام، وە لیژنەکانیان بۆیان هەیە پێشنیار دابنێن یان راسپاردەی پێویست دەربکەن.[29]

## دووەم: لیژنە کاتییەکان و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە

**ماددەی (47)**

پەرلەمان بۆی هەیە لیژنەی کاتیی و لیژنەی لێکۆڵینەوە پێکبهێنێت بەگوێرەی پێویستی ئەو بابەتانەی خراونەتەڕوو.[30]

**ماددەی (48)**

أ- لیژنە کاتیی و لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان لە پەرلەماندا پاڵپشت بە پێشنیاری دەستەی سەرۆکایەتی پێکدەهێنرێن.

ب- لە کاتی پشووی پەرلەماندا لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە لیژنەکانی لێکۆلێنەوە پێکدەهێنرێن.[31]

**ماددەی (49)**

1- لیژنەی لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی گەڕان بەدوای ڕاستییەکانی هەیە لەهەر شتێك کەوا خرابێتە بەردەستی و لەم پێناوەشدا بۆی هەیە پشت ببەستێت بە شارەزیان و بانگهێشتکردنی هەر کەسێك بۆ گوێبیستنی قسەکانی بەپێی ئەوەی لەم پێڕەوەدا هاتووە. هەروەها بۆی هەیە بڕوانێتە هەر شتێك پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێت کە خراوەتە بەردەستی پاش ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان.

2- پێویستە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەرکی لێکۆڵینەوە ئاسان بکات و دۆکیومێنت و زانیاری داواکراو پێشکەشی لیژنەکە بکات.

3- لە حاڵەتی خۆگرتن لە ئامادەبوونی ئەو کەسەی داواکراوە ئامادەبێت پاش بانگهێشتکردنی بە نووسراو ئەوا لێکۆڵەرەکان بۆیان هەیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن دەسەڵاتی دادگەریی ڕاسپێرێت بە جوڵاندنی داوای گشتی دەرهەق ئەم کەسە.[32]

**ماددەی (50)**

لیژنەی لێکۆڵینەوە ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکان بۆ سەرۆك بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەم پەرلەمان پاش دابەشکردنی ڕاپۆرتەکە بەسەر ئەندامەکانیدا.[33]

## بەشی شەشەم

## کاربەڕێوەچوون لە پەرلەماندا

### یەکەم: ڕێکخستن لەناو پەرلەماندا

**ماددەی (51)**

سەرۆك دانیشتنەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەسپێدەکات:

(**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان... دانیشتنەکەمان بەناوی گەلی کوردستانەوە دەسپێدەکەین**) و دانیشتەکان لـە کاتە دیاریکراوەکانیدا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکان گرێدەدرێت بەلاَم ئەگەر زۆرینە ئامادەنەبوون ئەوا سەرۆك دانیشتنەکە بۆ کاتێکی تر دوا دەخات.[34]

**ماددەی (52)**

دانیشتنی ئەندامەکان بەپێی لیستی ریزبەندکراو بەگوێرەی پیتە (أبجد)ییەکان، بەمەرجێك هەر ئەندامێك ژمارەی ریزبەندی تایبەت بەخۆی هەبێت، لـە لایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە ریزبەند دەکرێت.[35]

**ماددەی (53)**

1 –ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بۆیان هەیە لـە دانیشتنەکانی پەرلـەمان ئامادەبن و لـە گفوتگۆکانیدا بەشداری بکەن و لـە دەنگدانـدا بەشدار نابن تەنها ئەوەی ئەندام بێت تیایداو بۆیان هەیە گەورە فەرمانبەرانی وەزارەتەکانیان بهێن بۆ پشت پێ بەستنیان بەمۆلـەتی سەرۆك بەبێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت.

2 –هەر هاولاَتییێك و ئەوانەی لـە بواری ڕاگەیاندندا کار دەکەن مافیان هەیە لـە دانیشتنەکانی پەرلـەماندا بە ئاگاداری دەستەی سەرۆکایەتی و بە مۆلـەتی سەرۆکەوە، ئامادە بن.[36]

### دووەم: کارنامەی پەرلەمان

**ماددەی (54):**

**یەکەم:**

1 –هیچ دانیشتنێك بەبێ بەرنامەی کاری پێشوەختە نابەسترێت.

2 -دەستەی سەرۆکایەتی بەرنامەکە ڕێکدەخات و ڕاستەوخۆ سکرتاریەت ئەندامەکان ئاگادار دەکاتەوە.

3 -نابێت هیچ بابەتێك بخرێتەڕوو یان گفتوگۆی بۆ بکرێت ئەگەر لە بەرنامەی کاردا نەهاتبێت.

4 -پاش ئەوەی سەرۆکایەتی کردنەوەی دانیشتنەکە ڕادەگەینێت، ناوی ئامادەنەبووان دەخوێندرێتەوە، ئینجا ئەوانەی بەبێ پاساو ئامادەنەبوون، و دواتر پوختەی کۆنووسی دانیشتنی پێشوو، و کۆنووسەکە پاش ئەنجامدانی ئەو ڕاستکردنەوەی سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆ یان لەسەر داوای یەکێك لە ئەندامەکان بڕیاری دەدات پەسەند دەکرێت.

5 -بەندەکانی بەرنامەی کار بەگوێرەی ئەو ڕیزبەندییەی لە بەرنامەکەدا هاتووە گفتوگۆیان بۆ دەکرێت نابێت بەندێکی نوێ گفتوگۆی بۆ بکرێت تەنها پاش ئەوەی گفتوگۆی بەندی پێشووتری بەتەواوەتی کۆتایی پێ هاتبێت، وە ناکرێت بەندەکانی بەرنامەکە پاش و پێش بخرێت تەنها بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووانەوە نەبێت، وە ئەگەر نەکرا گفتوگۆ دەربارەی بەندێکیان، لە بەر هەر هۆیەکەوە بێت، تەواو بکرێت، ئەوا دەستەی سەرۆکایەتی بۆی هەیە تێڕوانینی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوابخات و ئەو بەندانەی لەدوای ئەو دێن گفتوگۆ بکات.

6 -سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانیی مافی هەیە بەر لە (24) کاتژمێر لە کاتی بەستنی دانیشتنەکە بابەتێکی تازە بخرێتە بەرنامەی کارەوە بەمەرجێك بابەتەکە گشتی و لەناکاوو بەپەلە بێت.[37]

دووەم:

1 -هەر لیژنەیەك مافی هەیە دیاردەیەك یان حاڵەتێکی گشتی لێبکۆڵێتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ڕێکبخات و داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات بیخاتە بەردەم پەرلەمان بەمەبەستی گفتوگۆکردنی بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند.

2 -هەر دە ئەندامێك بۆیان هەیە داوا بکەن گفتوگۆی بابەتێکی گشتی بخرێتە بەرنامەی پەرلەمانەوە بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران یان وەزیری تایبەتمەند.

3 -لە حاڵەتی ڕازی نەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر خستنەڕوو بابەتەکە لە پەرلەمانەوەو سووربوونی لیژنەکە یان ئەندامەکان لەسەر داواکارییەکەیان ئەوا داواکارییەکە دەخرێتە بەردەم پەرلەمان بۆ تێڕوانینی.

4 -هەر ئەندامێك مافی هەیە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی بکات کەوا بیرۆکەیەك بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی لە لایەن حکومەتەوە پێی وەرگیرێت.

## سێیەم: سیستەمی گفتوگۆکردن لە دانیشتنەکاندا

### ماددەی (55)

1 -ئەندام بە مۆڵەتی سەرۆکەوە لە دانیشتنەکەدا قسە دەکات.

2 -داواکاری مۆڵەتی قسەکردنەکان لەگەڵ ڕەچاو کردنی ریزبەندی پێشکەشکردنیان تۆمار دەکرێت و لە پێدانی مۆڵەتیشدا ڕەچاوی ئەم ریزبەندییە دەکرێت. (38)

### ماددەی (56)

1 -ئەندام، لەو جێگەیەی کە لێی دانیشتووە، یان لەسەر ئەو سەکۆیەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، قسەکانی خۆی ئاراستەی سەرۆك دەکات و بۆی نیە قسەکانی خۆی یان قسەی ئەندامەکانی تر کە پێش ئەو قسەیان کردووە، دووبارە بکاتەوەو نابێت لە بابەتەکە دەربچێت و ناکرێت لە یەك بابەتدا دووجار قسە بکات تەنها ئەگەر ئەمەر لە سەرۆك داواکرد، وە لە کاتی پێشێلکردنی ئەمانەدا سەرۆك بۆی هەیە سەرنجی بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم پێڕەوە رابکێشێت*.

2 -نابێت بگەڕێنەوە سەر گفتوگۆکردنی ئەو بابەتانەی یەکلایی کراونەتەوە. (39)

### ماددەی (57)

ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی ویستی پرسیارێك یان پرساندنێك ئاراستەی سەرۆك یان یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران بکات، ئەوا پێویستە سەکۆی سەرۆکایەتی جێبهێڵێت و لەو شوێنەی لە هۆڵی کۆبوونەوەی پەرلەماندا بۆی تەرخان کراوە دابنیشێت. (40)

---

* – برگەی (1)ی ماددەی (56) بە بڕیاری ژمارە (4) لە ڕێکەوتی 2013/5/27 هەموار کراوە.

**ماددەی (58)**

لەکاتی دەستکردن بە خستنەڕووی هەر بەندێك لە بەندەکانی کارنامەی بۆ گفتوگۆ ئەوا سەرۆك داوا لەو کەسانە دەکات کە داواکاری قسەکردنن ناوەکانی خۆیان تۆمار بکەن ئینجا ئەوانەی تۆمارکراون بەگوێرەی پێشیی داواکارییەکە قسە دەکەن.[41]

## چوارەم: بەرزەفتکردن

**ماددەی (59)**

سەرۆکی پەرلەمان، لە کاتی بەستنی دانیشتنەکانی پەرلەماندا، ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر دەرهەق بەو ئەندامانە سەرپێچیەك ئەنجام دەدات دەبێتە هۆی کارتێرکردن لە بەرێوەچوونی دانیشتنەکان یان قسەی نەشیاوی دەرهەق بە پەرلەمان یان دستەی سەرۆکایەتی یان یەکێك لە ئەندامەکانی درکاند.

1 -بیرهێنانەوەی ئەندامەکە بە ڕێککاری دانیشتنەکە.

2 -ئەگەر ئەندامەکە پاش بەبیرهێنانەوە زێدەڕۆیی کرد، ئەوا سەرۆك بۆی هەیە ئاگاداری بکاتەوە ئەم ئاگادارییەش سڕینەوەی قسەکانی لە کۆنووسەکە لێ دەکەوێتەوە.

3 -ئەگەر ئەندامەکە پاش ئاگادارکردنەوەی بەردەوام بوو لە زێدەڕۆیی ئەوا سەرۆك بۆی هەیە لە بەشداری کردنی دانیشتنەکە بێ بەشی بکات.[42]

**ماددەی (60)**

ئەگەر ڕێککاریی تێکچوو سەرۆك نەیتوانی بیگەڕێنێتەوە، ئەوا دانیشتنەکە رادەگرێت، وە ئەگەر ئەم ڕێکارەش بەکەلکی نەهات ئەوا دانیشتنەکە دوا دەخات.[43]

## بەشی حەوتەم

## پرسیارو پرساندن

**ماددەی (61)**

پرسیار تەنها بریتیە لە پرسیارکردنی ئەندام لە شتێك کە نایزانێت یان ویستی هەیە لە ڕووداوێك بکۆڵێتەوە کە پێی زانیوە.

## ماددەی (62)

هەر ئەندامێك بۆی هەیە پرسیار، چ نووسراو بێت یان زارەکیی، لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمانەوە ئاراستەی دەسەلاتی جێبەجێکردنی بکات.

## ماددەی (63)

أ –پێویستە پرسیارەکە پووخت بێت و بکەوێتە سەر ئەو رووداوانەی داواکراوە ڕوون بکرێنەوەو خالّی بن لە کۆمێنت و بابەتی پرسیارەکە نەخرابێتە بەردەم دادگەریی و نابێت بەمەبەستی بەزاندنی کاروباری تایبەتیان هەندێك ناو بهێنێت.

ب –پرسیارو پرساندنەکان بە کۆتایی هاتنی خولی گرێدراوی ئاسایی نامێنن و دەکرێت لە خولی داهاتوودا نویێ بکرێنەوە هەروەها لە حالّەتی دەستە لەکارکێشانەوە یان دەست پیێ لەکارکێشانەوەی ئەنجومەنی وەزیران نامێنن.

## ماددەی (64)

أ –پرسیاری نووسراو ئاراستەی سەرۆك دەکرێت و ئەویش پاش خستنەناوی پوختەی لە کارنامەی ئەو دانیشتنەی دەکەوێتە دوای پێشکەش کردنی، ڕەوانەی لایەنی تایبەتمەندی دەکات.

ب –هەر ئەندامێك، هەر کاتێك بیەوێت، بۆی هەیە پرسیاری زارەکیی ئاراستە بکات و سەرۆکیش بۆی نیە زیاتر لە سیێ پرسیار وەرگرێت کە بتوانرێت بەسەر دانیشتنەکەدا دابەش بکرێت و جگە لەو کەسەی پرسیاری کردووە کەس بۆی نیە بەشداری بکات لە گفتوگۆ و بۆی نیە زیاتر لە دە دەقە قسە بکات، وە بۆی هەیە لە کاتی تەواو نەبوونی، پرسیارێکی نووسراو پێشکەش بکات و دەسەلاتی جێبەجێکردن بۆی هەیە دەسبەجیێ وەلامی بداتەوە یان پرسیارەکەی بۆ دانیشتنی داهاتوو دوابخات.

## ماددەی (65)

سەرۆك یان ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە پرسیاری نووسراوی دەسبەجیێ لە دوای خوێندنەوەی وەلام بداتەوە یان لە ماوەی پازدە رۆژ لە رێکەوتی پێدانی پرسیارەکە بە نووسراو وەلام بداتەوە.

## ماددەی (66)

وەلأمی دەسەلأتی جێبەجێکردن لە یەکەم دانیشتنی دوای هاتنی پرسیارەکە دەخوێندرێتەوەو ئەگەر ئەو کەسەی پرسیاری کردووە بە وەلأمەکە رازی بوو یان ئامادەنەبوو و کەسی تر پرسیارەکەی لەخۆ نەگرت ئەوا بابەتەکە بە کۆتایی هاتوو هەژمار دەکرێت.

## ماددەی (67)

ئەگەر حکومەت لە ماوەی یاساییدا وەلأمی پرسیاری ئەندامەکەی نەداوە ئەم ئەندامە بۆی هەیە ڕەوانەی پرساندنی بکات و هەمان ڕێکاری گرتراوەبەر لە پرساندنەکان دەگرترێتەبەر.

## ماددەی (68)

پرساندن بریتیە لە داواکردن لە دەسەلأتی جێبەجێکردن کەوا هۆیەکانی رەفتارکردنی لە شتێکدا یان ئامانجی لێی ڕوون بکاتەوە بەبێ ئەوەی ویستی دەستێوەردان لە کاری دەسەلأتی جێبەجێکردن لەخۆ بگرێت.

## ماددەی (69)

1 –هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەلأتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکەی بەشێوەیەکی نووسراو ئاراستە دەکات.

2 –سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەینێتە دەسەلأتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەلأتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

## ماددەی (70)

ئەگەر گفتوگۆکردن بە دەنگدان لەسەر پرساندنەکە کۆتایی هات و دەنگدانەکە بووە هۆی رەتکردنەوەی پرساندنەکە ئەوا پرسەکە بە کۆتایی هاتوو هەژمار دەکرێت و لە حاڵەتی لایەنگیریی پەرلەمان بۆ پرساندنەکە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئامادەبووان ئەوا ئەم پرساندنە بە لەسەرکار لابردنی ئەو کەسەی پرساندنی ئاراستەکراوە لە پۆستەکەی هەژمار دەکرێت.(44)

## بەشی هەشتەم

## یاسادانان

**ماددەی (71)**

1 –ئەنجومەنی وەزیران یان کەمتر نەبێت لە دە ئەندام پەرلـەمان بۆیان هەیە پرۆژە یاساو بڕیار پێشنیار بکەن و پەرلـەمانیش گفتوگۆی یاسا یان بڕیارەکە ناکات پێش ئەوەی لـێژنەی تایبەتمەند تێڕوانینی بۆ بکات. وە هەر پرۆژەیەکیش پەرلـەمان ڕەتی بکاتەوە لـە ماوەی هەمان خولی گرێدراودا پێشکەشی ناکرێتەوە.

2 –ئەو پرۆژە یاساو بڕیارانەی دەگەنە پەرلـەمان لـەگەڵ لیستی هۆیە پێویستکارەکانی بەسەر ئەندامان دابەش دەکرێت و لـە یەکەم دانیشتن پووختەکەی دەخوێندرێتەوە بەبێ گفتوگۆکردن و ئینجا ڕەوانەی لـێژنەی تایبەتمەند دەکرێت*.

3 –لـێژنەی تایبەتمەند هەڵدەستێت بە تاوتوێکردنی پرۆژە یاساکەو راسپاردەو پێشنیارەکانی بە هەماهەنگی لـەگەڵ لـێژنەی کاروباری یاسایی دەخاتەڕوو.

4 –لـە لایەن هەردوو لـێژنەوە راپۆرتێکی هاوبەش بەرز دەکرێتەوە، پاش دارشتنی لـە لایەن لـێژنەی کاروباری یاساییەوە، لـە ماوەی دە رۆژ لـە رێکەوتی هاتنی بۆ هەردوو لـێژنەکە، تەنها ئەگەر داوایان لـێ بکرێت بەشێوەیەکی بەپەلـە تێڕوانینی بۆ بکەن ئەوسا لـە ماوەی پێنج رۆژ پێشکەش دەکرێت.[45]

**ماددەی (72)**

1 –پرۆژە یاسای پێشنیارکراو لـەگەڵ راپۆرتی لـێژنەی تایبەتمەندو لـێژنەی کاروباری یاسایی لـە لایەن سکرتێرەوە بەسەر ئەندامانی پەرلـەماندا دابەش دەکرێت.

2 –سەرۆکی پەرلـەمان خستنەڕووی پرۆژە یاسا پێشنیارکراوەکە لـەگەڵ راپۆرتی لـێژنەی تایبەتمەندو لـێژنەی کاروباری یاسایی لـە یەکەم دانیشتنی پەرلـەمان پاش دابەشکردنی بەسەر ئەندامەکاندا، لـە ئەستۆ دەگرێت.

---

* – ئەم برگەیە بەپێی هەمواری دووەمی ساڵی 1998 بۆ پێرەو زێدەکراوەو ئینجا بەپێی هەمواری سێیەمی پێرەو هاتۆتە سەر ئەم شێوەی ئێستای بە بریاری ژمارە (17) لە رێکەوتی 1998/9/26.

3 –پەرلەمان دەست دەكات بە گفتوگۆكردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەندو لیژنەی كاروباری یاسایی دەربارەی پرۆژە یاسا پێشنیاركراوەكە ئینجا دەست دەكرێت بە گفتوگۆكردنی پرنسیپەكانی و لە كاتی بڕیاردان لەسەریدا دەچنە سەر گفتوگۆكردنی ماددەكانی پێشنیاركراو و دەنگدان لەسەریدا ماددە بە ماددە.(46)

**ماددەی (73)**

پەرلەمان بەشێوەی بەپەلە دەڕوانێتە پرۆژەو بڕیاری تایبەت بە بودجەو ئیعتیماداتی زێدەگیی و ژمێرەی كۆتایی و بۆی هەیە بڕیار بدات كەوا هەر بابەتێكی تر بەپەلەیە.(47)

**ماددەی (74)**

سەرۆك پاش تەواو بوونی دوایین داواكارانی قسەكردن لەوانەی ناویان نووسراوە دەرگای گفتوگۆ دادەخات و بابەتەكە دەخاتە بەر دەنگدانەوە.(48)

**ماددەی (75)**

1 –بەشێوەیەكی ئاشكرا دەنگدان ئەنجام دەدرێت و بە بەرزكردنەوەی دەست یان بە بەكارهێنانی ئامێری ئەلیكترۆنی بەرێوەدەچێت، وە ئەگەر گومان كرا لە هاتنەكایەی زۆرینە لە دەنگداندا ئەوا دووبارە دەنگدانەكە بە بانگكردنی ئەندامەكان بە ناوەكانیانەوە ئەنجام دەدرێت*.

2 –ئەگەر دەنگەكان یەكسان بوون ئەوا ئەو لایەنە سەر دەخرێت كەوا سەرۆك دەنگی لەگەڵدا داوە بەمەرجێك دوایین كەس بێت دەنگ بدات.(49)

**ماددەی (76)**

لەم حاڵەتانەی خوارەوە دەنگدان بە نهێنی دەبێت:

1 –متمانە سەندنەوە لە ئەنجومەنی وەزیران یان یەكێك لە ئەندامەكانی.

2 –نەمانی مەرجی ئەندامێتی لە یەكێك لە ئەندام پەرلەمانەكان.

3 –مۆڵەتی پەرلەمان بۆ بەدواكەوتنی ئەندام لەسەر ئەو داواكارییەی لای لایەنی دادگەریی تایبەتمەندەوە هاتووە.

4– ئەگەر دەستەی سەرۆكایەتی ئەمەی بە باش زانی پاش رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان. (50)

* – برگەی (1)ی ماددەی (75) بە بڕیاری ژمارە (4) لە رێكەوتی 2013/5/27 هەمواركراوە.

**ماددەی (77)**

1 –یاساو بڕیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئەندامە ئامادەبووەکان دەردەکرێن، جگە لەو حاڵەتانەی زۆرینەی تایبەتیان تیایدا مەرجکراوە. [51]

2 –سەرۆك بەپێی ئەنجامی دەنگدان بڕیاری پەرلەمان بە ڕەزامەندی یان ڕەتکردنەوە رادەگەیێنێت.

**ماددەی (78)***

یاساو بڕیارەکان لە لایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە لە ماوەی دە رۆژ لە ڕێکەوتی پێ گەیشتنی دەردەکرێن، وە بۆی هەیە لەم ماوەیەدا داوای چاوپێخشاندنەوەی پرۆژە یاسا یان بڕیارەکە یان لە هەندێ بەشیدا بکاتەوەو ئەگەر پەرلەمان پێی داگرت لەسەر رای خۆی ئەوا یاساکە بە کۆتایی پێهاتوو پێویست بە دەرچوواندن هەژمار دەکرێت.[52]

## بەشی نۆیەم

## بودجە

**ماددەی (79)**

**یەکەم:** لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم بەر لە ساڵی دارایی بودجە دەگاتە پەرلەمان.

**دووەم:** پرۆژە یاساکانی بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی هەر ساڵێك هەر بەگەیشتنی ڕەوانەی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری دەکرێت بۆ ووردبینی و گفتوگۆکردن لە سەری.

**ماددەی (80)**

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری هەڵدەستێت بە پێشکەش کردنی راپۆرتی خۆی دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی لە ماوەیەك لە سی رۆژ لە ڕێکەوتی ڕەوانەکردنی پرۆژەکە بۆی تێپەڕ نەکات.

---

* – تێبینیکردنی دەرچوواندنی یاساو بڕیارەکان یان ناڕەزایی لەسەریان بە شێوەیەکی تەواو یان بەشێکی لە ماوەی (15) رۆژدا لە ڕێکەوتی گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم و گەڕاندنەوەی بۆ پەرلەمان بۆ چاوپێخشاندنەوەی بۆتە دەسەلاَتی سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ی ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەموار کراو، ماددەی دەیەم/یەکەم ی ئەم یاسایە، وە بڕیاری پەرلەمان پاش ناڕەزایی لەسەریدا دەبێتە بڕیارێکی بنبڕو لە حاڵەتی دەرنەچوواندنی لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە لە ماوەی ئاماژە پێکراوداو نا ڕەزایی دەرنەبڕین ئەوا یاساو بڕیارەکان بە دەرکراویی هەژمار دەکرێن و سەرۆکایەتی پەرلەمان بلاَوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی لە ئەستۆ دەگرێت.

## ماددەی (81)

هەر لیژنەیەك بۆی هەیە تێبینیەكانی خۆی دەربارەی ئەو بەشەی پەیوەستە بە تایبەتمەندی خۆی لە نێو بودجەی گشتی و ژمێرەی كۆتاییدا بداتە لیژنەی دارایی و كاروباری ئابوری لە رێگەی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە.

## ماددەی (82)

1 –راپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابوری بەسەر ئەندامەكاندا دابەش دەكرێت و ناكرێت لە لایەن پەرلەمانەوە دەست بە گفتوگۆكردنی بكرێت بەر لە تێپەڕبوونی دوو رۆژ بەسەر دابەشكردنیدا.

2 –راپۆرتی لیژنەی دارایی و كاروباری ئابوری ئاماژە دەكات بۆ ئەو تێبینی و پێشنیارانەی لیژنەكان دەربارەی پرۆژەی بودجە پێشكەشیان كردووەو ئەو ئەنجامەی پێی گەیشتوون.

## ماددەی (83)

1 –پێشنیاری زێدەكردنی تێچوونەكان یان هێنانەكایەی تێچوونی نوێ یان كەمكردنەوەی داهاتەكان قەبول ناكرێت تەنها ئەگەر پێشنیارەكە پالپشت بێت بە ڕوونكردنەوەی ئامرازەكانی دەستەبەركردنی پێشنیارەكە.

2 –پەرلەمان بۆی هەیە ئیعتیماداتەكانی پرۆژەی بودجە هەڵبوەشێنێتەوە یان كەمی كاتەوە هەروەها بۆی هەیە ئەم ئیعتیماداتانە لە ماددەیەك بۆ ماددەیەكی تر یان لە بەشێك بۆ بەشێكی تر یان لە (قسم)ێك بۆ (قسم)ێكی تر یان لە دەروازەیەك بۆ دەروازەیەكی تر بگوازێتەوە.

3 –پەرلەمان بۆی هەیە پاش تەواوبوون لە گفتوگۆكردن و بڕیاردانی پرۆژەی بودجە بڕیاری پرۆژە یاسای هێنانەكایەی تێچوونی نوێ دەربكات.

## ماددەی (84)

راپۆرتەكە بەشێوەیەكی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەكرێت پێش چوونە سەر گفتوگۆكردنی دەروازەكانی بودجەو بڕیاردانی بەندەكانی.

**ماددەی (85)**

پاش کۆتایی هاتنی گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان دەنگدان لەسەر پرۆژەکە بە گفتوگۆکردنی بودجەکە ئەنجام دەدات.

**ماددەی (86)**

پەرلەمان سەرەتا دەست دەکات بە گفتوگۆکردنی تێچوونەکان ئینجا دەچێتە سەر بودجەی داهاتەکان و دواتر دەچێتە سەر بڕیاردانی یاسای بودجە.

**ماددەی (87)**

لیژنە (قسم)ەکانی بودجە دەخاتەڕوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەریان قسم بە قسم و پێشنیار کردن لەسەر بەندەکانی بەند بە بەند.[53]

**ماددەی (88)**

پەرلەمان بودجەیەکی تایبەتی هەیە و دەخرێتە نێو بودجەی گشتیی کوردستان.[54]

**ماددەی (89)**

دەزگای ژمێرکاریی پەرلەمان لە کۆتایی هەر ساڵێکی دارایی هەڵدەستێت بە دانانی ژمێرەی کۆتایی و دەخرێتە بەردەم سەرۆك بۆ ڕازی بوون لەسەری و ڕەوانەکردنی بۆ لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری بۆ پێداچوونەوەو بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێك لەم بارەیەوە بۆ پەرلەمان.[55]

## بەشی دەیەم

## حوکمی جۆراوجۆر

**ماددەی (90)**

بەڕێوەبردنی دیوانی پەرلەمان فەرمانبەرێك بە پلەی بەڕێوەبەری گشتی لە ئەستۆی دەگرێت و پسپۆڕییەکانی بەپێی یاسا ڕەچاوکراوەکان ئەو دەسەڵاتانەی لە لایەن سەرۆکەوە پێی بەخشراوە پیادە دەکات و بە سەرۆکی پەرلەمان دەبەسترێتەوەو لەبەردەمیدا بەرپرس دەبێت.[56]

## ماددەی (91)

1 -پەرلـەمان پاسەوانی تایبەتی دەبێت و دەکەونە بەر فەرمانی سەرۆکی پەرلـەمان.

2 -سەرۆك قەبارەی ئەو هێزەو ژمارەی تاکەکانی دیاری دەکات کە بە تەواوی دەزانێت بۆ پاراستنی ڕێککاریی و پاسەوانی لە پەرلـەماندا.

3 -هێنانە ژوورەوەی چەکیی ئاگریی یان بریندارکار بۆ ناو باڵەخانەی پەرلـەمان قەدەغەیە.

4 -جگە لە پاسەوانی پەرلـەمان، بۆ هیچ چەکدارێك یان هێزێکی چەکدار نیە بچنە نێو باڵەخانەی پەرلـەمان و بۆشیان نیە لە نزیك دەرگاکانی بمێننەوە تەنها بە ڕەزامەندی سەرۆکەوە نەبێت.[57]

## ماددەی (92)

پەرلـەمان بۆی هەیە لە نێوان ئەندامەکانی شاند ڕەوانەی دەرەوەی هەرێم بکات و داوەتی شاندیش بکات بۆ سەردانیکردنی.

## ماددەی (93)

پەرلـەمان بۆی هەیە یارمەتی ئەو ئەندامە بدات کە تووشی نەخۆشییێك دێت پێویستی بە چارەسەری دەبێت لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم ئەویش پاش ڕاسپاردەی لێژنەی پزیشکی تایبەتمەند.[59]

## ماددەی (94)

دەکرێت حوکمەکانی ئەم پێڕەوە هەمووی یان هەندێکی لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان دە ئەندام و بە ڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان هەموار بکرێت.[60]

## ماددەی (95)

ئەم پێڕەوە لە ڕێکەوتی دەرچوواندنی کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی بڵاودەکرێتەوە.[61]

**جەوهەر نامیق سالم**

سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق

**تێبینی:**

**ژمارەی پەراوێزەکانی (1) تاوەکو (61) مانای ئەوەیە ئەو ماددانەی بەرامبەریان ئاماژەکراوە هەموارکراون یان ژمارەکانیان هەموارکراوە یان ماددەیەکی تری بۆ زێدەکراوە بە پێی هەمواری دووەمی پێڕەوی ناوخۆ بە بڕیاری پەرلەمانی ژمارە (14) لە ڕێکەوتی 1998/4/29.**

## هەموارەکانی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان–عێراق

1– **هەمواری یەکەم بە بڕیاری ژمارە (38)ی ساڵی 1993 لە 1993/7/18.**
2– **هەمواری دووەم بە بڕیاری ژمارە (14)ی ساڵی 1998 لە 1998/4/29.**
3– **هەمواری سێیەم بە بڕیاری ژمارە (17)ی ساڵی 1998 لە 1998/9/26.**
4– **هەمواری چوارەم بە بڕیاری ژمارە (3) لە 2001/4/12.**
5– **هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (36) بە بڕیاری ژمارە (3) لە 2000/4/2.**
6– **هەمواری شەشەم بە بڕیاری ژمارە (11)ی ساڵی 2009 لە 2009/9/15.**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

## بڕیاری ژمارە (11)ی ساڵی 2009*
## هەمواری شەشەمی پێڕەوی ناوخۆی
## پەرلەمانی کوردستان – عێراق ی ژمارە (1)ی ساڵی 1992

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (94)ی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراوو پشت بەوەی سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری کردووە، پەرلەمانی کوردستان – عێراق لە دانیشتنی گرێدراو لە رێکەوتی 2009/9/15 دا، بڕیاری دەرچوواندنی ئەمەی خوارەوەی دا:

**ماددەی یەکەم**: ماددەی (38) سی و هەشتەمی هەموارکراوی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی 38**: لیژنە بەردەوامەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێن:–

1– لیژنەی کاروباری یاسایی.

2– لیژنەی دارایی و کاروباری ئابوری.

3– لیژنەی ناوەخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەتیەکان.

4– لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری.

5– لیژنەی بەرگری لە مافەکانی ئافرەت.

6– لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

7– لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە.

8– لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان.

9– لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و هاوچەرخکردنی لادێ.

---

* لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (106)ی رۆژی (2009/10/5)دا بڵاوکراوەتەوە.

10- لیژنەی پەیوەندییەکان و رۆشنبیری و راگەیاندن و ئاسەوار.

11- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

12- لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید.

13- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ.

14- لیژنەی پیشەسازی و ووزەو سەرچاوە سروشتیەکان.

15- لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و گواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار.

16- لیژنەی پاراستنی مافەکانی بەکاربەر.

17- لیژنەی وەرزش و لاوان.

18- لیژنەی دەسپاکیی.

19- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی.

**ماددەی دووەم**: بڕگەی (3)ی ماددەی (39) سی و نۆیەمی (هەموارکراو) هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(لیژنە بەردەوامەکان لە ژمارەیەك لە ئەندام پێکدەهێنرێت نابێت لە پێنج ئەندام کەمتر بن و نابێت لە یازدە ئەندام زیاتر بێت و هەر لیژنەیەك لە نێوان ئەندامەکانیدا سەرۆکێك و جێگرێك و بڕیاردەرێك هەڵدەبژێرێت).

**ماددەی سێیەم**: ئەم هەموارە لە رێکەوتی دەرچوواندنی کاری پێدەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**(د.کەمال کەرکوکی)**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارەی بڕیار:** 4

**ڕێکەوتی بڕیار:** 2013/5/27

## بڕیاری ژمارە (4)ی ساڵی 2013*

## بڕیاری هەمواری حەوتەمی پێڕەوی ناوخۆی

## پەرلەمانی کوردستان–عێراق ی ژمارە (1)ی ساڵی 1992

پاڵپشت بە حوکمەکانی ماددەی (94)ی پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1992و پشت بەوەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان – عێراق پێشنیاری کردووە، پەرلەمان لە دانیشتنی ژمارە (27)ی گرێدراو لە ڕێکەوتی 2013/5/27 دا، ئەمەی خوارەوەی بڕیاردا:

### ماددەی یەکەم:

بڕگەی (1)ی ماددەی (56)ی پێڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ئەندام، لەو جێگەیەی کە لێی دانیشتووە، یان لەسەر ئەو سەکۆیەی بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە، قسەکانی خۆی ئاراستەی سەرۆك دەکات و بۆی نیە قسەکانی خۆی یان قسەی ئەندامەکانی تر کە پێش ئەو قسەیان کردووە، دووبارە بکاتەوەو نابێت لە بابەتەکە دەربچێت و ناکرێت لە یەك بابەتدا دووجار قسە بکات تەنها ئەگەر ئەمەر لە سەرۆك داواکرد، وە لە کاتی پێشێلکردنی ئەمانەدا سەرۆك بۆی هەیە سەرنجی بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەم پێڕەوە رابکێشێت.

### ماددەی دووەم:

بڕگەی (1)ی ماددەی (75)ی پێڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتە:

* لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (165)ی رۆژی (2013/6/22)دا بڵاوکراوەتەوە.

بەشێوەیەکی ئاشکرا دەنگدان ئەنجام دەدرێت و بە بەرزکردنەوەی دەست یان بە بەکارهێنانی ئامێری ئەلیکترۆنی بەڕێوەدەچێت، وە ئەگەر گومان کرا لە هاتنەکایەی زۆرینە لە دەنگداندا ئەوا دووبارە دەنگدانەکە بە بانگکردنی ئەندامەکان بە ناوەکانیانەوە ئەنجام دەدرێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم هەموارە لە ڕێکەوتی دەرچوواندنی کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**د.ئەرسەلان بایز ئیسماعیل**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

# یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٥
ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگە (٣آ)ی ماددە دوو لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو ،لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣یدا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەو کوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:
١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.
٢ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم.
٣ـ ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.
٤ـ مووچە: مووچەی ئەسلی (الراتب الأصلي) کە ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا وەری دەگرێ.
٥ـ دەرماڵە: ئەو دەرماڵەیەی ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا هی (زەوجییەو منداڵان و ، میوانداری و ، سوکنا) وەری دەگرێ.
٦ـ مووچەی خانەنشینی: تێکڕای ئەو مووچەیەی ئەندام پاش بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتی، یان لە دەستدانی ئەندامیەتییەکەی وەری دەگرێ.

**ماددەی دووەم:**

أ- سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندام دوای بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتیان، یان لە دەستدانی ئەو ئەندامییەتییە مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرن کە بڕەکەی (٦٥٪) ای ئەوە دەبێ کە هاوکارە بەردەوامەکانیان لە ئەنجوومەندا مانگانە وەری دەگرن.

ب - سەرۆکی ئەنجوومەن وجێگرەکەی و ئەندام لەکاتی بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتییەکەی، یان لەدەستدانی ئەو ئەندامییەتییە پاداشت(مکافأ)یەکی پێ دەدرێ کە بەرامبەرە بە مووچەو دەرماڵەکانی شەش مانگی و، دوامووچە و دەرماڵەکانیشی بەبنەما وەردەگیرێ بۆ حساب کردنی ئەمە و بۆ تەنها یەک جار، هەرچەندە ئەندامییەتی لە خولەکانی هەڵبژاردندا دووپات بێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

أ- ئەوەی لەم یاسایەدا سوودمەند دەبێت ناتوانێ مووچە و دەرماڵەکانی کە وەری دەگرێ لە هەمان کاتدا کۆیان کاتەوە لەگەڵ ئەو مووچەو دەرماڵانەی کە شایەنی لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەن.

ب - ناکرێ مووچەی خانەنشینی لەگەڵ هەر مووچەیەکی خانەنشینی تردا پێکەوە کۆ بکرێنەوە جا لە هەر لایەکەوە بێ.

ج - لەکاتی دامەزراندنی ئەندامی خانەنشین لە پایەی وەزیری، یان لە وەزیفەیەکی کشتیدا دەتوانێ سەرپشک بێ لە هەڵبژاردنی هەر کامێک لەوەی کە بەپێی ئەم یاسایە وەری دەگرێ، یان ئەوەی کە شیاویەتی پێی بدرێ لە وەزیفە تازەکەیدا.

**ماددەی چوارەم:**

ئەندامی خانەنشین لە هەموو مافێکی کە لەو یاسایەدا دەقی کرتووە بێ بەری دەکرێ لەکاتی حوکم بەسەرداداتی لە تاوان، یان کەتنێکی نابرووبەردا، یان حوکم بەسەرداداتی بە بەند کردنی هەتا هەتایە، یان کاتی، یان ئیعدام لە یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاسایشی ناوخۆ، یان ئاسایشی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتەنکێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

أ- هەموو مانگێک بەشی خانەنشینی بەرێژەی(١٠٪) لەمووچەی ئەسڵی ئەندامی ئەنجوومەن دەبڕدرێ، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری کەڵەکە بوود بە یەک گوژمە، یان بە قیستی مانگانە لێی دەبڕدرێ بە کوێرەی ئارەزووی ئەندامەکە.

ب - میرانگرانی ئەندامی کۆچ کردوو لە پاشماوەی ئەو قیستانە دەبەخشرێن (عفو) دەکرێن کە لەسەری ماوە.

**به ناوی خوای بەخشندە و میهرەبانەوە**

**بەناوی گەلەوە**

**ئە نجوومەنی نیشتیمانیی کوردستان- عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: 35**

**ڕۆژی دەرهێنان: 2003/7/25**

پشت بە حوکمی بڕگە (1) ی ماددەی (56) و ماددەی (53) لە یاسای ژمارە (1) ی هەموارکراوی ساڵی 1992 و، و لەسەر داوای ژمارە یاسایی لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی کوردستانی – عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجوومەن، لە دانیشتنی ژمارە (45) ی ڕۆژی (2004/7/24)یدا ئەنجامی داوە و، بەپێی دەسەلاّتەش کە بڕگە (3) ی ماددەی دووەمی ژمارە (10) ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە ( 35 ) ی ساڵی 2004

## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە ( 13 ) ی ساڵی 1999

## خانەنشینی ئەندامانی ئە نجوومەنی نیشتیمانیی هەرێمی کوردستانی – عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (أ) لە ماددەی دووەمی یاساکە هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندامیش، کاتی ئەندامێتییان کۆتایی دێت یان لە دەستی دەدەن مووچەیەکی مانگانەی خانەنشینی بە بڕی (75 ٪) ی کۆی مووچە و دەرماڵەی مانگانەی ئەو ئەندامانە وەردەگرن کە لە ئەنجوومەندا بەردەوامن.**

**ماددەی دووەم:**

ماددەی پێنجەمی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**بەپێی ڕێژە دیاریکراوەکان کە لە یاسای بەرکارەکاندا هاتووە، بەشی خانەنشینی مانگ بە مانگ لە مووچەی مانگانەی ئەندام دادەشکێنرێت.**

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێ و، ئەسڵی ماددەکە دەبێ بە (بڕگەی یەکەم) ی ماددەکە وبڕگەیەکی دیکە بە زنجیرە (2) بۆ زیاددەکرێ وەك ئەمەی خوارەوە:

**2- حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەندامە خانەنشینەکانی ئەنجوومەن دەگرێتەوە و، مووچەکانیان لە ڕۆژی بەکارخستنی ئەم یاسایەوە هەموار دەکرێن.**

**ماددەی چوارەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاّوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئە نجوومەنی نیشتیمانیی**
**کوردستانی - عێراق**

**بەناوی خوای بەخشندە و میهربان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

پشت بە حوکمی برگە (1)ی مادده (56) لە یاسای ژمارە (1)ی سالّی 1992ی هەموارکراوو لەسەر داوای ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە (32)ی رۆژی 2008/6/29دا بریاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:

**یاسای ژمارە (12) ی سالّی 2008**

**یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق ژمارە(13)ی 1999ی هەموارکراو**

**ماددەی یەکەم:ـ**

لە ماددەی دووەم برگە(ا) لە یاساکە هەمواردەکریّ و بەم شیّوەیە دەخویّنریّتەوە:ـ

**یەکەم:**

سەرۆکی ئەنجومەن و جیّگرەکەی و سکرتیّرو ئەندام لەکاتی تەواوبوونی ئەندامیەتی یان نەتوانینی جیّبەجیّ کردنی کارەکەی یان نەمانی ئەندامیەتیەکەی(80٪)ی سەرجەم مووچەو دەرماڵەی مانگانەی هاوەڵەکانی کە بەردەوامن لە ئەنجومەن وەردەگریّت هەروەها دوای کۆچی دواییشی پاشەواری شایستە هەمان ریّژە وەردەگرن.

**دووەم:**

ئەو ئەندامەی ئەنجومەن کەواز دیّنیّ ئەو مووچەیەی خانەنشینی وەردەگریّ کە لە برگە(یەکەم)ی سەرەوەدا هاتووە ، ئەگەر چوار دەورەی بەستنی ئەنجومەن بە سەر ئەندامیەکەیدا رەت بووبیّ و 60٪ ی کۆی مووچەو دەرماڵەی مانگانەی ئەوهەوالانەی وەردەگریّ کە لە ئەنجومەندا بەردەوامن. ئەگەر بەسەر ئەندامییەکەیدا کەمتر لەو ماوەیە رەت بووبیّ. هەروەها لە کاتی مردنیشیدا پاشەوارەکانی(خلف) هەمان ریّژە وەردەگرن.

**ماددەی دووەم:ـ**

ماددەی سیّیەم لە یاساکە هەموار دەکریّ و بەم شیّوەیە دەخویّنریّتەوە:ـ

**یەکەم:** ناشیّ کۆکردنەوە لە نیّوان مووچەی خانەنشینی کە لەم یاسایەدا هاتووە لەگەڵ مووچەیەکی تر کە لە خەزیّنەوە خەرج, بکریّ.

**دووەم:** هاوسەری ئەندامی کۆچ کردوو کە مووچەیەکی تر وەردەگریّ مافی هەڵبژاردنی هەیە لەنیّوان ئەو مووچەیەی بە پیّی ئەم یاسایە وەری دەگریّ و ئەوەی دەیکەوی لە مووچەی فرمانەکەی خۆی یاخود خانشینیەکەی خۆی وکامیان باشتر بیّ بۆی.

**ماددەی سێیەم:ـ**

حوکمی بڕگە(یەکەم)لە ماددەی یەکەم و ماددەی دووەم لەم یاسایەدا خانەنشینەکان لە ئەندامانی ئەنجومەن دەگرێتەوە وموچەیان لە مێژووی جێبەجێ کردنیەوە هەمواردەکرێ.

**ماددەی چوارەم:ـ**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یا بریارێك ناکرێت گەر ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی پێنجەم:ـ**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقائیعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێ.

**عەدنان موفتی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستان ـ عیراق**

---

تێبینی : ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 19 ی سالی 2008 لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی ئەو دەسەلآتەی لە برگەی(١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عیراق)ی ژمارە(١) ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە(٨) لە رۆژی(٢٦/١٠/٢٠٠٩) بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢**

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ زیادکراوە، برگەیەکی ، بەزنجیرەی ( پێنجەم)، وەك ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:

**پێنجەم:** لەحاڵەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆیەکی رەوا، ئەوا دوای (٩٠) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەوانە دەگرێتەوە کە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون.

93

**ماددەی سێیەم:**

پێویســـــتە لەســــەر لایەنـــەپەیوەندیـــدارەکان حوکمەکانی ئەم یاســــایە جێبەجێ بـــکەن.

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی کوردستان) دا بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**هەولێر**

**٥/ گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ی کوردی**

**٨/ذو القعدة/١٤٣٠ی کۆچی**

**٢٧/تشرینی یەکەمی/٢٠٠٩ی زایینی**